# ئەو بێهەڵوێستییە تا کەی ؟

**هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند**

ئەوەی لە دوو هەفتەی رابردوودا ، لە ( مەهاباد ) ی رۆژهەڵاتی کوردستاندا روویدا ، سەرەڕای ئەوەی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو ، بەڵام بیانوویەکی چاکیشبوو بۆ تەقاندنەوەی رقی کلپەسەندووی خەڵک ، لەو دوو هەفتەیەدا سابڵاغییەکان بە دەنگی بەرز هاواری ئازادیویستییان هەڵدا و بە درێژایی ئەو دوو هەفتەیەش هاونیشتمانییە کەمێک بە ئازادیگەیشتووەکانی باشوریان ، دەنگێکی چکۆلانەی پشتیوانییان بۆ هەڵنەهێنان ، بۆیەش ئەوان بە ناچاری پرسییان : ئەو بێهەڵوێستییە تا کەی ؟

*                    *                    *

دوو هەفتە بوو ( مەهاباد ) شینگێڕیی بۆ جحێڵێکی بە قێزەونیکوژراوی خۆیدەکرد ، دوو هەفتەبوو لاشەی شینهەڵگەڕاو و جەستەی شەقارشەقارکراوی ( شوانە ) ، وێردی سەرزاری کوردە تووڕەکان بوو ، دوو هەفتە بوو دایکەکان بە جلی رەشەوە پرسەگێڕەکانیان هاندەدا کە چیدی ناهەقی قبوڵنەکەن و بڕژێنەسەرشەقام ، تا چیدی ( شوانە ) کان نەکوژرێن و لاشەیان نەشێوێندرێ . زۆرتر لە دوو هەفتەش بوو کە پاسدار و بەسیجی و ئیتیلاعات و سەرباز ، پێکڤە گەنجەکوردیان راودەنان و زینداییاندەکردن ، بەڵام لە باشور دەنگی نارەزایی هەڵنەستا و ئەوانەی چاودێریی رەوشەکەشیان دەکرد ، بە بێتاقەتییەوە لە باشورییە کەمێک بە ئازادیگەیشتووەکانیان پرسی : ئەو بێهەڵوێستییە تا کەی ؟

*                    *                    *

کاتێک لە دەستوری کاتیی ئێراقدا ، دان بە فیدەڕالیزمدا نرا ، مەهاباد جەژنی گێڕا ، ئەو رۆژەی کوردێک بوو بە سەرکۆماری ئێراقێ ، لە مەهاباد شایی و لۆغان بوو ، ئەو رۆژەش کە باشوری کوردستان سەرۆکێکی بۆ خۆی دەستنیشانکرد ، سابڵاغی بە میهرەوە فرمێسکی شادییان رشت ، کاتێکیش ئۆرگانیزەکاری هەموو ئەو هەستدەربڕینانە ، بە دەستی پاسداران شەهیدکرا ، مەهاباد چاوەڕوانی سوکە دەنگێک ، برەهاوارێک ، نیوەقیژەیەکی گەنجان و رۆشنبیران و ژنانی باشوری کرد ، لێ مخابن دەنگی وا نەبیسترا ، بۆیەش دیسان پرسرایەوە : ئەو بێهەڵوێستییە تا کەی ؟

*                    *                    *

پاش شەهیدبوونی شوانە ، پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتیش ، وەک پارتەکانی مە ، بە چاویلکەی حیزبییانە سەیری راپەڕینی مەهابادیان کرد ، هەندێکیان بە دەربڕینی

نارەزایینامەیەک بەردیان لەسەر باسەکە دانا و هەندێکیشیان ، بە پەلەپەل کەوتنە ناکۆکی و بە نیشاندانی بەڵگەی ئەوەی کە شوانە چالاککاری وان بووە ، دەیانویست نێوی خۆیان بێننەپێش ، بەڵام هیچیان ئەوەی دەبووایە بۆ پشتیوانیی تەواو لە راپەریوەکان بیکەن ، نەیانکرد ! .
گەلۆ .. پارتی کوردی ، کە رێوشوێنی گونجاوی بۆ هاوکاریکردنی راپەرینێک پێنەبێ ، بە کام چاوورووە دەیەوێ ببێتە نوێنەری خەڵک ؟

*                    *                    *

هیچکات چاوەروانیی ئەوەم لە پارتەکانی باشور نییە کە نارەزایینامە و جوڵانەوەی پشتیوانیکاری،بۆ راپەرین و تەقینەوە جەماوەرییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان رێکبخەن ، چونکە ئەوان بەڵێنیانداوە کە خۆیان لە ( دەستتێوەردان ! ) لە کاروباری وڵاتانی هاوسێ ! بپارێزن .
بەڵام کاتێک قوتابییەکی زانکۆ و نووسەرێکی خۆبە خاوەنهەڵوێستزان و رۆژنامەنووسێکی کوردینووس ، بێدەنگدەبن و شتێکی وانالێن کە هاوسۆزییەک بێت بۆ راپەریوەکانی رۆژهەڵات ، وەبیرم دێتەوە کە لای ئێمە: چیتر کوژرانی کوردێکی سنەیی ، بە مانای تێرۆرکردنی کەرکوکییەک نییە لە ماڵەکەی خۆیدا و ئەگەریش قامیشلۆییەک زیندانی بکرێ ، ئەوە بەو مانایە نییە کە شەنگالییەک بە دەستی ئیرهابییەک بە بارمتەگیراوە!! .

www.hemnabdulla.blogspot.com